Ett Narkotikafritt
Sverige

# Sorani

# کێ کێ دەبات؟

## سوێدێکی بێ نارکۆتیك

### ENS2000

سوێدێکی بێ نارکۆتیك ٢٠٠٠، ساڵی ١٩٨٩ دەستی پێکرد و ئەمڕۆ لە سوێد گەورەترین هەڵمەتی بابەتی زانیاری خۆڕاییە بۆ هەموو قوتابخانەکانی ناوەندی، باڵا و ئامادەیی لە سەرانسەری وڵات.

چەندین ساڵ ڕۆژنامە، پۆستەر و فیلممان بڵاو کردووەتەوە، کێبڕکێمان ڕێکخستووە، خەڵاتی خوێندنمان داوە، زیاتر لە ٦٥٠٠ کەسمان لە ١٥٠٠ قوتابخانەوە فێر کردووە. هەروەها پێرەوێکی ماددەی بێهۆشکار و دۆسیەیەکی ڕێگەگەرتن لە ماددەی بێهۆشکار بۆ هەموو قوتابخانەکان ناردووە کە ساڵانە چوار جار بە بە خۆڕایی نوێ دەکرێتەوە.

ئێمە پێمان وایە ئەم کارە زۆر گرنگە چونکە بەکاربردنی ماددەی بێهۆشکار بە بەردەوامیی لە وڵاتدا زۆر دەبێت و بە داخەوە لەم ساڵانەی دووایيدا وا بووە. لەبەر ئەوەی کە کۆمەککارانمان لە ناو کەرتی پیشەسازی و بازرگانی سوێدی زۆرن توانیومانە کەرەسەیەکی دەرەجە یەك بە قوتابخانەکان بدەین کە هەموو لایەنێکی زانیاری سەبارەت بە نارکۆتیکا و ماددەی بەجۆشکار (دوپ) دەگریتە خۆی.

دەتەوێت زیاتر بزانیت، سەردانی www.ens2000.se بکە!

Ett Narkotikafritt Sverige

## کانابیس (Cannabis) کۆناوە بۆ حەشیشە، مەریوانە و ڕۆنی مەریوانە. حەشیشە ئاسایترین ماددەی بێهۆشکارە لە سوێد. زۆر کەس پێیان وایە کە حەشیشە نارکۆتیکایەکی سووکە و یەکجار وەک ماددەی بێهۆشکاری دیکەی "قورس" ترسناک نییە.

ئەمە تەواو هەڵەیە. ماددەی بێهۆشکار نییە کە سووک یان قورس بێت. نارکۆتیکا نارکۆتیکایە، و قسەی پێ ناوێت.

## لاوانێك کە حەشیشە بکێشن دەشێت:

- گەشەیان بووەستێت
- بەشی کورتەبیریان بەرەو خراپبوون بچێت
- توانستی بیری ژیربێژیان (لۆگیك) خراپ بێت
- دووچاری گوێپێنەدان و بێباکیی ببن
- دووچاری نەخۆشیی حەشیشە haschpsykos ببن
- شیزوفرێنیا بیانگرێت
- بەرهەمهێنانی سپێرمیان (تۆویان) کەم بێتەوە
- هەوەسی سێکسیان نەمێنێت
- بازنەی خوێنی مانگانەیان تێك بچێت
- بەرگری تەندروستییان خراپتر بێت

لەبەرئەوەی ڕێژەی قەتران لە ٥٠٪ لە کانابیسدا زیاترە وەك لە تووتنی ئاسایی ئەوا مەترسی زێدەتر هەیە بۆ تووشبوونی هەندێك شت لەوانە شێرپەنجەی سیپەلك.

کەواتە کانابیس ماددەیەکی بێهۆشکاری سووك نییە. کانابیس/ حەشیشە نارکۆتیکایە.

## هیرۆین (Heroin) سەر بە گرووپی ئۆپیومە و سیستەمی ناوەندی ڕەگ و مێشك خامۆش دەکات، بەتایبەتی بنکەی ئازار لە مێشکدا. هیرۆین لە ڕەگەوە وەردەگیرێت، هەڵدەمژرێت یان دەکێشرێت. زۆر لاو هەن کە هیرۆینکێشان وەك حەشیشە/ مەریوانەکێشان دەبینن. بەڵام مەترسیەکانی هیرۆین دووبەرابەرن. هیرۆین هیرۆینە، موخەدەرێکە کە لە هەر جۆرێکی دیکە زیاتر مودمینە و زەحمەتتر خۆی لێ دەرباز دەکردرێت.

## زیانەکان :

- کەمبوونەوەی کارئەنجامدانی ڕیخۆڵەکان و گورچیلە
- نەمانی هەوەسی سێکس
- دەم وشك بوون
- سەرەگێژە

خەیاڵەکەی خۆشیهێنەرە و ئازارکوژە و پاشان مرۆڤ دەکەوێتە ناو خەوێکی گێژەوە و لەش گەرم دادێت و قورس دەبێت. زێدەژەم زۆر جار دەبێتە هۆی مردن چونکە هەناسەدان یان مێشك هەر وەختێك بێت دەتوانێت بووەستێت. دۆخی مردن زۆر بەرزە، نێزیکەی پێنج جار زیاتر لە مردنی ئاسایی ئەو تەمەنە خۆی. ١-٢ دانە دەرزی بەسە بۆ وابەستەییەکی تا مردن.

Ett Narkotikafritt Sverige

هیرۆین خەڵك زیاتر دەكوژێت وەك لە كۆی هەموو جۆرەكانی دیكەی ماددەی بێهۆشكاری نایاسایی. لە ١٠٠ هیرۆینكێش تێكڕا ٤ دانە دەتوانن دەرباز بین.

## ئەمفێتامین (Amfetamin)

بە "هەوارەبەرزە" دادەنرێت چونكە دۆخی هەست بەرز دەكاتەوە.

ئەمفێتامین كار دەكاتە سەر هەندێك ئۆرگان لەوانە مێشك، سپەلك و دڵ.

### زیانەكان:

- زیاتربوونی چالاكی هەناسەدان و دڵ
- بەرزبوونەوەی فشاری خوێن
- دەم وشك بوون
- سەرئێشە
- ئارەق دەردان، تا
- لەرزین
- كەم ڤیتامینی، كەم سوودی خۆراك
- خراپبینی
- سەرەگێژە
- خراپ خەوی
- زوو ددان كەوتن
- پارانۆیا (خولیای ڕاونراوی)

### سیكۆس:

- زێدەتوورەیی
- ترس
- هەڵەحاڵیبوون
- لەخۆوەشتبینین
- نەیاربوون

### خۆدوورگریی لە نارکۆتیکا و بادە:

- بێزاریی
- دوور لە خۆ
- برسییێتی
- ئازاری جومگە
- ترس

### زێدەژەم:

- ڕەگ بەڕەگ kramp
- هەناسەتەنگیی
- لەش زێدەگەرمداهاتن
- دڵوەستان

## ماددەی بەجۆشكار (Dopning)

كچان تووشی ڕەقهەڵاتن (ئانۆرێ كسیا anorexia) و، كوران تووشی زێدەزلبوون megarexia دەبن. كچان لەبرساندا خۆرەقهەڵدێنن بۆ ئەوەی باریك و جوان بنوێنن، كوران خۆجۆش دەدەن بۆ ئەوەی زل و ماسولكەدار بنوێنن. بەڵام لە خۆبەجۆشدانددا زیانەكان زێدەترن وەك لە سوودەكان.

### زیانەكان:

- ئەنابۆڵ ستێرئویدەر گرژی و زێدەتوورەبوون پتر دەکات
- جگەری هەموو کەسێك بە ئەنابۆڵا كاری تێ دەکرێت
- دەبێتە مایەی لووی خوێن و تۆپەڵبوونی جگەر
- مەترسیدارە بۆ هەوکردنی پرۆستات
- میزکردن زەحمەت دەکات
- مرۆڤ تووشی گەش نەکردن دەبێت
- زیبکە لە دەموچاو و سەرووی لەش دێت
- قژ دەڕووتێتەوە
- دڵ سەکتەی لێ دەدات
- دەمارەکان ئاهەك دەگرن
- گورچیلەکان کاری خۆیان ناکەن
- لە سەرەتادا هەوەسی سێکس بە توندی دەچێتە سەر و پاشان هەر هیچ نامێنێت
- هێلکەکانی گون دەچنەوە یەك
- بەرهەمهێنانی سپێرم کەم دەبێتەوە یان نامێنێت
- پیاوانی کەم تەمەن لە مەترسی خەساندا دەبن
- ماسولکە ڕەگ بەرەگ دەبن
- ماسولکەکان لێك دەترازێن

## ئافرەتان:

بێ لەو زیانە لابەلاییانەی سەرێ ئەنابۆڵ ستێرئویدەر دەنگی ئافرەتان گڕ دەکات، ڕیشیان دەداتێ و بازنەی خوێنی مانگانەیان تێك دەدات.

## کۆکائین (Kokain)

لە خێزانی ئەمفێتامینە، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە کۆکائین ماددەیەکی بنجکەری بەهێزە کە کار دەکاتە سەر یەك بەشی لەش.

کۆکائین بە هەناسە هەڵدەمژدرێت یان لە لووتەوە دەفیشکێندرێت یان لە لەش دەکردرێت یاخود هەر ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر گلاندەکانی ناو دەم، کۆم یان ڤەگینا (کرۆژی کوز).

Ett Narkotikafritt Sverige

## زیانەکان:

- ئاو بەلووتدا هاتنەخوار، خوێنبەربوونی لووت
- کرکراگەی لووت زەرەریان وێ دەکەوێت و دەشێت دیواری ناو لووت کوناودەر بێت
- بوورانەوە
- شاڵاوی فێگرتن
- لاوازبوون
- بێهێزیی
- لەرزین
- دڵتێکەڵهاتن
- ڕشانەوە
- زێدە چالاکیی دڵ
- زوو زوو هەناسەدان
- تا
- ئارەق دەردان
- قەبزبوون
- کێرهەڵنەستان
- لەخۆوە شت بینین
- بێخەویی

## زێدەژەم:

- شاڵاوی ڕەگ بە ڕەگبوون
- تای بەرز
- مردن بە هۆی سەکتەی دڵ یان شەلەلی کتوپڕ

**ل.س. د (LSD)** ماددەیەکی بێهۆشکاری لەخۆوە شت بینە کە تەنانەت بەئەندازەیەکی هەر زۆر زۆر کەمیش (هێندەی دوو دەنکە خوێی خوێدان) کار لەسەر هەستی بینین دەکات. ئەم ماددە موخەدەرە لە سەردەمی فلاوەر پاوەر Flower – Power دا زۆر باو بوو. سەرمەستیی ل.س.د نێزیکەی ١٥ تا ٦٠ خولەك پاش وەرگرتنەکەی دێت و ئاوا ٤ کاژێر دەمێنێتەوە. لە کاتی کەوتنەژێر کاریگەریی ل.س.د دا مرۆڤ هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر کردارەکانی خۆیدا نامێنێت. مرۆڤ دەشێت هەر لە خۆوە پێی وا بێت کە دەتوانێت شەمەندەفەرێك بووەستێنێت، یان لە سەربانێکەوە بفرێت و شتی لەو جۆرە.

ل.س.د دەتوانێت ببێتە مایەی نەخۆشی دەروونیی جیددی، بۆ نموونە وەك شیزوفرێنیا.

## زێدەژەم:

- سەرمەستیی درێژخایان و توند
- هەڵسوکەوتی سەیر و نائاسایی

ENS 2000
Ett Narkotikafritt Sverige

**گ.ە.ب (GHB)** (گاماهیدرۆ کس بیتورات Gammahydroxybyturat) لەڕاستیدا ماددەیەکی بەنجی دەرمانییە. هەم وەك تۆز هەیە و هەم وەك شلەیەکی ڕوون، بۆنەکەی بە بۆنی پەڕۆی سڕین دەچێت.

## زیانی لابەلایی:

- ماندووییەکی نائاسایی
- بوورانەوە
- ڕشانەوە
- ڕاتەکان و ڕەگ بە ڕەگ کەوتن
- گ.ە.ب بە ژەمی زۆر و لەگەڵ ماددەی دیکەی موخەدەر و ئەلکهولدا مەرگهاوەرە.

گ.ە.ب وەك دەرمان سەلمێندراوە، و لە ساڵی ٢٠٠٠ یشەوە وەك نارکۆتیکا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەر بەکارهێنانێکی نادەرمانیانە جێی سزایە.

لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٠ وە قەدەخەیە کە بۆیان دەرکەوتبوو ماددەکە بووەتە هۆی مردنی زۆر و نەخۆشکەوتنی فرە جیددی.

گ.ە.ب وابەستەکارە، لە کاتی خۆ لێوەدوورخستن ناڕەحەتی زۆرە و خۆی دەسەپێنێ ت (واتە تا زیاتر بەکار بهێنرێت دەبێت زیاتر وەربگیرێت تا بتوانێت کار بکات).

**ئێستاسی (Ecstasy)** ژەهرێکی سیستەمی ڕەگە کە دەتوانێت زیانی گەورەی دەروونیی بدات. ئەم ماددەیە لە ئینگلستان لە ساڵانی ٨٠ دا پەرەی ستاند. ئێستاسی هەرزانە و تا ڕادەیەکیش هاسان وەبەرهەم دەهێنرێت. لە شێوەی حەپدا دەخورێت و ناوی جودای هەیە، وەك: ئادام، ئێکس تی سی یان ماددەی هیپی. مرۆڤ سەرحاڵ دەبێت و تا پێخۆش بێت دەتوانێت سەما بکات.

## زێدەژەم:

- شاڵاوی ڕەگ بە ڕەگبوون
- فێی گەرمداهاتن
- خوێن تۆپەڵبوون
- قورسبوونی گورچیلە
- تای بەرز
- کۆما
- مردن

## دەرمان (Läkemedel) م وونە ڕویپنۆڵ Rohypnol، ڤالیوم Valium، سوبریل Sobril

دەرمانی ئارامکەرەوە بە زۆریی وابەستەئامێزن. ئەو دەرمانانە زۆر شت دەکەن لەوانە توانستی کاردانەوە کەم دەکەنەوە، مرۆڤ بێدەستوبرد و ماندوو دەبێت. ٦٠ دەرمانێك لەوانە وەك نارکۆتیکا مۆر کراون.

تیکەڵ کردنی ئەلکهول، حەپ و نارکۆتیکا بۆ لاوانی کونجکۆڵ و بەدمەستانی دۆخ خراپ شێوەیەکە بۆ درێژترکردنەوەی کاریگەریی مەستبوونەکە. گەلێك کەس مردوون، چونکە سەرئەنجامی ئەم کارە بە زۆریی نادیارە.

ENS 2000
Ett Narkotikafritt Sverige

لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لە بارەی ڕوپینۆل - وە قسە دەکرێت. ئەم ماددەیە لە بازنەی تاوانباراندا جێی خۆی کردووەتەوە، بەتایبەتی چونکە ماددەکە وا دەکات کە مرۆڤ سۆزی بۆ هاومرۆڤانی خۆی نامێنێت. مرۆڤ بەو شێوەیە لە کاتی تاوان و کرداری زەبردا بێبەزەییانەتر مامەڵە دەکات.
ڕوپینۆل هەروەها پێشی دەگوترێت "ماددەی تەجاوەزپێکردنی کچانی ژووان "date-rape-drug" چونکە بەکار دەهێنرێت بۆ لەهۆشبردنی قوربانی تەجاوەز.
هەندێك لە بەرهەمهێنەرانی حەپی ڕوپینۆل ئێستا ماددەیەکی ڕەنگ دەکەنە حەپەکانەوە کە کاتێك دەکرێتە ئاو بڵاودەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە پووچەڵ بکرێتەوە کە حەپ بکرێتە ناو خواردنەوەی خەڵکەوە.

## هەڵمژین (Sniffning)

هەڵمژین سەرلەنوێ باوە. ماددەی ئاسایی کە هەڵدەمژرێت ماددەی ڕوونکەرەوە (وەك ئەسیتۆن)، دەرمانی خاوکەرەوە، سرێش و گازی داگیرساندن (گازی پرۆپەین یان بوتەینی شل). سەرەمەستییەکە هەر زۆر خێرا پەیدا دەبێت کە هەستی ناڕاستەقینانە و لەخۆوەشتبینین دەدات. هەموو هەڵمژینێك زەرەر لە سیستەمی ناوەندی ڕەگ و مێشك دەدات. جگەر و گورچیلەکانیش بە گرانی زیانیان لێ دەکەوێت. ئەگەر کەسەکە بێهۆش بکەوێت چاودێری پزیشك یەکسەر پێویستە و ئەوەش گرنگە باس بکرێت کە مەسەلەکە هەڵمژینە.

ئەوی هەڵبمژێت بە پێی LVU و LVM دەکرێت دەستگیر بکرێت.

## ئایا دەتەوێت زیاتر بزانیت؟

ئایا پرسیارت هەن؟

سەر بدە لە **www.ens2000.se** یاخود زەنگ لێبدە بۆ 00 57 20-019